# بەرەو پاڕانەوەی حیزب لە جەماوەر

بەختیار کەریم

یەکێک لەو دیاردانەی لە دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا دەیبینین پاڕانەوەی حیزب و سەرکردەکانیەتی لە هاولاتیان لەکاتی هەڵبژاردندا. بێگومان ئەو حیزبانەی لەلایەن یاسا و جەماوەری چاوکراوە و دادگای سەربەخۆوە جڵەوگیرکراون، هەنگاو بە هەنگاویان بە ئاشکرا و پرس و ڕا بە جەماوەر هەڵدەهێنن. بەڵام کاتی هەڵبژاردن ئەوەی هەموو لەسەری بەشەردێن دەنگی هاولاتیانی دەنگدەرە، ئەمەش تا ئاستی پاڕانەوە و بەڵێندان دەڕوات. سەرکردە هەیە سەما بۆ جەماوەر دەکات، هەشە گیتار لێدەدات تا ڕازیبوونیان مسۆگەر بکات. هەموومان دەزانین کە سەرکردەکانی کورد نە گیتار یان ساز دەزانن بژەنن و نە بەژنی سەماکردنیان هەیە، بەڵکو ئەوان فێری ئەوەن لە دیوەخانەکانیانەوە و لە هاوینەهەوارەکانەوە جەماوەر ئاراستەی بەرەکانی جەنگ یان سندوقەکانی دەنگدان بکەن. وەلێ ئەم دۆخە ناکرێت بۆ ئەبەد بەردەوام بێت، بەڵکو دەبێت بگۆڕێت. لێرەدا دەپرسین ئایا کاتی ئەوە هاتوە سەرکردەکان و حیزبەکانیان لە دەنگدەران بپاڕێنەوە؟ ئایا تا ئێستا هیچ کام لە ئاماژەکانی ئەم دیاردەیە دەرکەوتون؟

بەداخەوە لە کوردستانی "دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی" بە پێچەوانەوەی دابونەریتی دیموکراتیەوە، ئەوەی دەبێت بپاڕێتەوە جەماوەرە نەک حیزب، ئەوە خەڵکی کوردستانە کە بە درێژایی پانزە ساڵە لە حیزبەکان دەپاڕێنەوە کە شاروانیەکان یەکبخەنەوە، سنورێک بۆ گەندەڵیی دابنێن، وازی بە چارەنوسی گەل نەکەن، ناکۆکیە حیزبیەکانیان نەبە ناوچە تازە ئازادکراوەکان و دەیان داوای تر کە لە فۆرمی پاڕانەوەدا بە گوێی کەڕیی سەرکردەی حیزبەکاندا دەدران. بەڵام لەوەدەچێت و پێویستە ئەم دیاردەی پاڕانەوەیە پێچەوانە ببێتەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتوە حیزب بۆ دەنگی هاولاتیان بپاڕێتەوە، و هاولاتیانیش ئازادبن لە گوێگرتن و گوێنەگرتن.

بەر لە هەر هەڵبژاردنێک سەرکردەی ئەو حیزبانەی بەشداری هەڵبژاردن دەبن و هەوڵ دەدەن زۆرترین ژمارەی دەنگ کۆبکەنەوە، بەرنامە و کاری ئایندەیان دەخەنە بەردەم جەماوەری دەنگدەر و باسی ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانە دەکەن کە جێبەجێیانکردوە پاشان پشت بە بڕیاردانی سەربەخۆی دەنگدەران دەبەستن. بەڵام لە کوردستان حیزب لە ڕێگای دووبارە نمایش کردنەوەی ڕابوردووی گەشی خۆیەوە دەنگدەران ئاراستە دەکات، ئەوەی دەبێتە سەنگی مەحەک ڕابوردویەکی پرشنگدارە کە لە هەڵبەستنی حیزبە و زادەی خەیاڵاندنی کادرەکانیەتی، نەک کارنامەیەک کە پێمان بڵێت لە ئایندەدا چی دەکرێت. هەر بەڕاست کاتێک سەرکردەی حیزبەکان بە جەماوەر دەڵێن ئێوە ڕاست دەکەن گەندەڵیی هەیە، بەڵام ئێستا کەنگێ کاتی ئەوەیە، بیری ئەو باوکە دڵڕەقانەتان ناخاتەوە کە بە درۆ منداڵەکانیان هەڵدەخەڵەتێنن؟ لە کاتێکدا پێویستە لە جیاتی ئەوە یاسا بکەنە سەروەری خۆیان و حیزبەکانیان و ئەوانیش وەک کوردی هەژاری شار و گوندەکانی کوردستان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن. دەشێت هەنوکە تەنها خەونێک بێت بەڵام ڕۆژێک دێت سەرکردەکان دەپاڕێنەوە تا دەنگیان پێبدەین، بەڵام بەر لە هاتنی ئەو ڕۆژە ئامۆژگاریمان بۆ ئەو سەرکردە پیرۆزانە ئەوەیە؛ کە کۆرسی سەما و ژەنینی ئامێری میوسیک وەربگرن، چونکە پێویستیان دەبێت بۆ سەرسامکردنی دەنگدەران.

ئۆکسفۆرد-ئینگلاند
2005/12/03